وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتییەکان

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ تەندەری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٣ بۆ دابینکردنی لاپتۆپ

ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دابینکردنی (٦٠٠) شەش سەد لاپتۆپ هەیە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نهێنی، هەر لایەنێک ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەت بکات بەمەبەستی کڕینی تەندەر کە لە ڕۆژی (چوارشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٨) تاوەکو (٢٠٢٢/١٠/٢٩) تەندەر دەفرۆشرێت، بەشێوەیەک نرخی هەر تەندەرێك (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینارە و ئەم بڕە پارەیەش ناگەڕێتەوە بۆ کڕیاری تەندەر.

دوا کات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی (سێشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/٣١) کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت و ڕۆژی کردنەوەی تەندەر لە هەمان ڕۆژ و کاتژمێر دەبێت، لە کاتی پشووی فەرمی دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

- مەرجەکان:-

١. کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم تەندەرە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنەی کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٢. بارمتەی سەرەتایی بە بڕی (٣%) ی گۆژمەی پێشکەش کراو بە چەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامە (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ دەبێت وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت وە بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.
٣. ماوەی تەندەرەکان (مدة نفاذ العطاءات) (٦٠) شەست ڕۆژە و لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.
٤. لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو ئەستۆپاکی نوێی باجی دەرامەت بۆ ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەش بکات , بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.

**ڕەگەز ڕەشید**
**بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- لیژنەی کردنەوەی تەندەر
- لیژنەی شیکردنەوەی تەندەر

بۆ کاری پێویست

- گرێبەستەگشتییەکان لەگەڵ بەراییەکان.